گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری متمانە و بەشداری سیاسی لەسەر سەقامگیری لە عێراق (٢٠٠٥-٢٠٢١)

**پ. ی. د. بارزان جوهر صادق**

بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی, کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین

,هەولێر، هەرێمی کوردستان ,عێراق

Barzan.sadq@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/٢٦

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٤/٣٠

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Political Trust, Political Participation, Stability, Elections and Institutions in Iraq*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.4

**پوختە**

ئامانجی یەکەم لە دروستبوونی دەوڵەت، هێنانەکایەی سەقامگیرییە، چونکە سەقامگیری ئاسایش بەرپا دەکات و ئەمەش ئامرازی سەرەکی گەشەسەندنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵاتییە. بەهۆی ئەوەی عێراق لەلایەک وڵاتێکی فرە پێکهاتەی نەتەوەیی، ئاینیی، مەزهەبیی و فرەچەشنە، لەلایەکی ترەوەش خودی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمایەکی سروشتی سیاسی پێکنەهاتووە و دەستکردی دەرەکی بووە، بۆیە لەسەرەتای دروستبوونییەوە تاوەکو ئێستا سیستمە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانیوە سەقامگیری گشتیرو درێژخایەن بونیاد بنێن. لەبەر ئەم فاکتەرانە، هەمیشە پەیوەندییەکی لاواز و کێشەئامێز لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی هەیە. عێراقی نوێش (دوای 2003) گیرۆدەی هەمان کێشەی سیاسی بۆتەوە. بەهۆی لەرزۆکی دامەزراوەکان بەرامبەر دەستوەردانی بەرپرسانی نافەرمی لەناوخۆ و دەرەوە، تادێت بۆشایی نێوان خەڵک و دەسەڵات زیاتر دەبێت و ئەمەش ساڵ لەدوای ساڵ متمانەی سیاسی لەعێراق دێنێتە خوارەوە. خەڵک متمانەی لاواز بووە بە دامەزراوە فەرمییەکان، بەشداری سیاسیش هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن لەدابەزینە. ئەمەش ڕەوایەتی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق خستۆتە ژێر پرسیارەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی چوار باسی سەرەکی دەیەوێت بزانێت کە ڕێژەی متمانە و بەشداری سیاسی لە عێراق چەندەو چ پەیوەندییەک لەنێوان متمانە و بەشداری سیاسی لەگەڵ سەقامگیری لە عێراق هەیە؟ هۆکارەکانی دابەزینی متمانە و بەشداری سیاسی چین و ئەم دابەزینە چ ڕۆڵێکی هەیە لە دروستبوونی ناسەقامگیری لەعێراق؟ توێژەر سوودی لەهەردوو میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەو بەراوردکاری زانیارییە تیۆرییەکان و داتا و ژمارەکان.

## 1- پێشەکی

سیستمە سیاسییەکانی عێراق لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە سەقامگیری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ وڵات فەراهەم بکەن لەبەر چەندین هۆکاری ناوخۆیی لەرووی دابەشکاریی پێکهاتەی نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبی و جیاوازی تر لەلایەک و چەندین هۆکاری دەرەکی لەدەستتێوەردان، هەژموونداری و داگیرکاری لەبازنەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەلایەکی ترەوە. ئەمانە پێکەوە ڕۆڵیان هەبووە لەسەر ناسەقامگیری گشتی لەم وڵاتە. ئەم بارودۆخانە بۆشایی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی فەرمی و نافەرمی بەرزکردۆتەوە، بەشێوەیەک بەشداری سیاسی بەردەوام لەدابەزینە و بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆن و ڕاپرسییەکان زیاتر لەنیوەی خەڵکی عێراق بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکردووە لەدوایین هەڵبژاردن (2021). لەرزۆکی و لاوازی دامەزراوەکان بەرامبەر هێزەکانی نافەرمی ناوخۆ و دەرەوە وایکردووە کە هەمیشە قەیرانی متمانەی سیاسی نێوان خەڵک و دەسەڵات لەئاستێکی بەرزبێت کەهەر ئەمەش ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە بەرزی و نزمی ئاستەکانی بەشداری سیاسی، ڕەوایەتی سیاسی و دواتر شۆڕش، کودەتا و ناسەقامگیری سیاسی بەدرێژایی مێژووی سیاسی عێراق. ئەم توێژینەوەیە سەرەتا بەدوای پەیوەندی نێوان متمانە و بەشداری سیاسی بە سەقامگیری سیاسی گەڕاوە. دواتر ڕێژەی متمانەی سیاسی بەدامەزراوەکان و ڕێژەی بەشداری سیاسی لەهەڵبژاردنەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خستۆتەڕوو لەگەڵ هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی متمانە و بەشداری سیاسی. لەکۆتایشدا تیشکی خستۆتە سەر رۆڵ و کاریگەری هەردوو بگۆڕی سەرەکی و سەربەخۆی توێژینەوەکە لەسەر دروستبوونی ناسەقامگیری لەعێراق.

## 1-1 - پرسیارەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێک دەگەڕێت. ئایا متمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی چ کاریگەرییەکیان لەسەر بارودۆخی سەقامگیری لە عێراق هەیە؟ چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم گۆڕاوانە هەیە و رێژەی متمانە و بەشداری سیاسی لەعێراق چەندەو هۆکارەکانی دابەزینی بەشداری و متمانەی سیاسی لەعێراق چین؟

## 2-1- گریمانەی توێژینەوە

قەیرانی نەبوونی ناسنامەیەکی یەکگرتووی نیشتمانیی و لاوازی دامەزراوە مەدەنیی و سەربازییەکان لەئاستی ناوخۆیی و دەستوەردان و ململانێی وڵاتانی دەرەکی لەناو عێراق، متمانە و بەشداری سیاسی زۆر دابەزاندووە و ئەمانەش رەوایەتی سیاسی لەعێراق خستۆتە ژێر پرسیار و ناسەقامگیری لەعێراق دروست کردووە.

## 3-1- میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە، هەردوو میتۆدی زانستی چەندایەتی و چۆنایەتی (Qualitative and Quantitative methods) مان پێویست بوو، بۆیە پەنامان بردە بەر میتۆدی تێکەڵاو (Mix Method) کە هەردوو بواری شیکاری تیۆریی و ژمارەکان تێکەڵ دەکات تاوەکو بەدەرئەنجامێکی زانستی بگات بۆ هۆکارەکانی ناسەقامگیری. بۆئەوەی هەم لەرووی تیۆریی زانیاری گرنگ بەدەست

بخەین، هەم لەرووی ژمارەکانەوە پشت بە چەندین توێژینەوەی مەیدانی و ئەو دەرئەنجامە ژمارەییانە ببەستین کە لە ناوەندە فەرمییەکان یان توێژینەوە و ماڵپەڕەکان سەبارەت بە ڕێژەی متمانە و بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی عێراق دەست کەوتوون و دواتر شیکاری ئەم بگۆڕانە بکەین لەسەر دروستبوونی ناسەقامگیری لە عێراق.

## 2- پەیوەندی متمانە و بەشداری سیاسی بە سەقامگیری سیاسی

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەشداری و متمانەی سیاسی لەگەڵ سەقامگیری سیاسی هەیە. بەشێوەیەك کەبەربەستەکانی بەشداری سیاسی، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانە و بەشداری، دواتر زیادبوونی ناسەقامگیری. چەندین توێژینەوەی زانستی پشتڕاستی ئەم بۆچوونە دەکەنەوە.

### 1-2- پەیوەندی بەشداری و سەقامگیری سیاسی

لەتوێژینەوەیەکی مەیدانی دەرکەوتووە کە بەشدارییپێکردن لەرێگە دەنگدان ئەوە نیشان دەدات کە تاکەکان بەهایان هەیە هەر ئەمەش وادەکات هاوڵاتی متمانە بکات و بە ئەرێنی سەیری دامەزراوەکان بکات و پشتگیری سیستمەکە (System Support) بکات بەگشتی (Finkel, 1987: 461). ئەوانەی کە بەشداری لەپرۆسەی دەنگدان دەکەن، وا هەست دەکەن کە میکانیزم و ناوەندێکی ڕەوایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و ئەمەش ڕۆڵی هەیە لەسەر پشتیوانی گشتی سیستمەکە و دواتریش پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەلایەن سیستم و جێبەجێکردنی لەلایەن هاوڵاتیانەوە (Finkel, 1987: 445) لەتوێژنەوەیەکی تر پرۆفیسۆر جواکیم ئێکمان لەسەر سێ دەوڵەتی راگوزەری بەرەو دیمۆکراسی وەکو نموونەی توێژینەوە بۆی دەرکەوتووە کە چۆن بەشداری هەڵبژاردن ڕۆڵی هەیە لەسەر سەقامگیری سیاسی لەناوخۆی ئەم وڵاتانە (Ekman, 2009: 7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمە هەر تەنها بۆ وڵاتە دیموکراسییەکان نا، تەنانەت لە رژێمە نادیموکراسییەکانیش سەلمێنراوە کە بەشداری سیاسی دەبێتە هۆکاری سەقامگیری، بۆ نموونە پرۆفیسۆر پانێڵ سیڤن لەزانکۆی دۆمینەیشنی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەلماندویەتی کەرێژەی بەشداری لەدەنگدان لەهەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی کۆنگرەی گەلدا رۆڵی بەهێزی هەیە لەسەر پشتگیری جەماوەری بۆ رژێمی سیاسی لە چین (Seven, 2004:18). پێچەوانەکەشی راستە، هەرکات بەشداری زۆر کەمبووەوە، مانەوەی سیستمی سیاسی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی جددی. بۆ نموونە لەنوێترین توێژینەوە سەبارەت بەهۆکاری بەهێزی خۆپێشاندانەکانی ئێران لەساڵی 2022 دەرکەوتووە کە لەوشوێنانەی کە خۆپێشاندانی بەهێز و رووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێزە سەربازییەکان هەبووە رێک ئەو شوێنانەن کە لەهەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئێران کەمترین هاوڵاتی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە (کدیور، 2022). بەو مانایەی، هەروەکو چۆن بەشداری بەرز سەقامگیری بەرز دێنێتەکایەوە، دابەزینی بەشداری لەدەنگدانیش هەڕەشەی سیاسی و ئاسایشی دروست دەکات .

لەراستیدا تەنها هەڵبژاردنەکان بەبەشداری سیاسی دانانرێت، چەندین میکانیزمی تەقلیدی و نوێ بۆ بەشداری سیاسی هەن، وەکو بەشداری لەهەر چالاکیەکی پارتە سیاسییەکان، هەڵبژاردن، بەشداری دامەزراوەکانی حکومەت و بڕیاردان، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای تەقلیدی. میکانیزمە نوێ و سەردەمیەکانیش بریتیین لەدەنگدان، ئامادەبوون لەچاوپێکەوتنە سیاسییەکان، باوەڕپێهێنانی خەڵک بۆ دەنگدان، نوسینی بابەتی سیاسی لەبڵاوکراوەکان، خۆپێشاندانەکان، بایکۆتکردن، مانگرتن، توندوتیژی چەکداری، زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی و تایبەت و ...هتد ,Deth: 2021; 3-17).

(Sabucedo and Arce: 2006 :95چەندین میکانزمی تری نوێ هەن وەکو، گروپەکانی فشار، بەشداری لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیس بووك، تویتەر، ئنستگرام و ...هتد. زۆربەی ئەم میکانیزمانەی بەشداری سیاسی کە لەسەرەوە باسمان کردوون، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری دروست دەکەن لەسەر سەقامگیری سیاسی و تەنانەت راپەڕین و شۆڕش و

گۆڕینی رژێمە سیاسییەکانیش. بۆنموونە بەشداری سیاسی لەڕێگەی خۆپێشاندانی جەماوەی بەسوود وەرگرتن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک لە مصر لە ڕاپەرینی بەهاری عەرەبی لەساڵی 2011 کە گۆڕینی سیستمەکەی لێکەوتەوە .

**2-2- پەیوەندی متمانە و سەقامگیری سیاسی**

چەندین توێژینەوەی زانستی ئەوەیان سەلماندووە کە بارودۆخی سەقامگیری سیاسی بەتایبەت لە رژێمە دیمۆکراسییەکان پەیوەستە بە ئاستی بەرزی و نزمی متمانەی سیاسی هاوڵاتیان، هەرکات ئاستی متمانە بەهۆی گەندەڵی و خراپی ئەدای سیاسییەکان و دەزگاکان زۆر دابەزی، کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی لەو وڵاتە دەکات (Marien and Hooghe, 2011: 267, Schumacher, 2012: 3-36)، چونکە متمانە وەکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک و دەسەڵاتە و هەرکات رێژەکەی کەمی کرد، رەوایەتی ئەم سیستمە سیاسییە دەکەوێتە ژێر پرسیار و ناسەقامگیری دروست دەبێت .

رەوایەتی سیاسی لە عێراقی پێش ساڵی 2003، لەسەر بنەمای حوکمی یەک پارتی دامەزرابوو، بەبێ فرەیی سیاسی و بەشداری کەمینەکان، بەڵام سیستەمی سیاسی عێراق لە دوای 2003 دارِما و سیستمێکی نوێ هاتەکایەوە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ڕێگەی سیستمێکی فرە پارتییەوە کە لە مادەی سێیەمی دەستووردا هاتووە، "عێراق وڵاتێکە کە چەندین نەتەوە و ئایین و مەزهەبی تێدایە". لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی توندوتیژی سیاسییەوە هاوڵاتیان نەیانتوانیوە بەشداری راستەقینە بکەن یان کاندیدانی راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن ئەمەش رۆڵی هەبووە لەسەر متمانە و بەشداری خەڵک کە راستەوخۆ رەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری سیاسی هەبووە (Shakor, 2020: 115-119). گرنگە لەسەر رێژەکانی متمانە و بەشداری سیاسی لەعێراق بوەستین و دواتر کاریگەری ئەم بگۆڕانە لەسەر بەرزی و نزمی سەقامگیری نیشان بدەین.

## 3- رێژەکانی متمانە و بەشداری سیاسی لەعێراق


### 1-3- متمانەی سیاسی بە دامەزراوەکان لە عێراق

بەدرێژایی مێژووی سیاسی عێراق هەر لە دامەزراندنییەوە کە بە حوکمڕانێتی پاشایەتی دەستی پێکردووە هەتا سیستمی کۆماری سەرۆکایەتی کە تاوەکو روخانی رژێمەکەی سەدام حسین بەردەوام بوو، هیچ توێژینەوەیەک لەمەڕ متمانە و ڕەوایەتی سیاسی لەعێراق بەرجەستە نیە، لەبەرئەوەی ئەم مێژووە بە سیستمێکی دیکتاتۆری داپۆشرابوو، بۆیە گرنگە ئێمە لەدوای پرۆسەی داگیرکاری عێراق و دواتر هاتنەکایەوەی سیستمێکی دەستووریی، کۆماری، دیمۆکراسی، پەرلەمانی و فیدراڵی باسی متمانە بەدامەزراوەکان بکەین .

بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی کە زانیارییەکانی لە ناوەندە جیهانییەکان وەرگرتووە بۆ متمانەی سیاسی لەنێوان نۆ دەوڵەتی عەرەبی لەماوەی ساڵانی 2001 هەتاوەکو 2014، دەرکەوتووە کە متمانەی سیاسی لەعێراق، لە ساڵی 2004 هەتاوەکو ناوەڕاستی ساڵی 2006 بەرەو بەرزبوونەوە رۆیشتووە (بڕوانە وێنەی ژمارە 1) . بێگومان ئەمەش پەیوەندی هەیە بەرووخاندنی رژێمی عێراق و حاکمداریەتی چەندین ساڵەی صدام حسین و رژێمەکەی کە گەلی عێراق ڕووبەڕووی سەدان زوڵم، چەوسانەوە، دەربەدەری، جینۆساید، ئەنفال و ماڵوێرانی بوون کردەوە. دوای ئەوەی جەنگی عێراق روویدا لەلایەن ئەمریکا بەهاوکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراق و کوردەکان توانرا رژێمەکە سەرتاپا بگۆڕن و سەرلەنوێ بونیادی بنێنەوە. ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر دووبارە دروستکردنەوەی متمانە هەبوو لەسەرەتاوە، بەتایبەت لەم ماوەیەدا ئەمریکا خۆی فەرمانداریەتی عێراقی کرد بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی هاوسەنگ و دیمۆکراسی لەم وڵاتە. هەروەها نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە زیاتر لە (80%)ی خەڵك دەنگی پێدا. ئازادی و خۆشگوزەرانیەکی گەورە ئەم وڵاتەی گرتەوە و ئەمەش متمانەی سیاسی بەرزکردەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو لە وێنەی ژمارە (1) دەرکەوتووە کەمتمانەکە لەساڵی 2004ەوە بەخێرایی بەرزبۆتەوە هەتاوەکو ساڵی 2006، دواتر بەرەو نزمبوونەوە دەڕوات بەیەك ئاست هەتاوەکو ساڵی 2011، دواتر بەیەك ئاست رۆیشتووە لەگەڵ بەرزبوونەوەیەکی کەم بۆ نزیکەی 40%، هۆکاری دابەزینی متمانەکە لەعێراق بەگشتی لەدوای ساڵی 2006ەوە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ هۆکاری ململانێی مەزهەبی و تایفی هەروەها جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە. ئەمە وایکرد سوونەکان لەدەسەڵات بکشێنەوە (کە هەر لەسەرەتاوە بەشداریان کەمبوو) و لەدوای ساڵی 2007ەوە بۆماوەی زیاتر لە دە ساڵ پەیوەندییەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی تێکەوت و خەڵك ئینتیمای نەتەوەی و مەزهەبی پێش ئینتیمای نیشتمانی خست و بەمەش متمانەی سیاسی بەسیستمی سیاسی عێراق بەرەو کزبوون رۆیشت. لەدوای ساڵی 2011ەوە کە کاریگەری بەهاری عەرەبی گەیشتە عێراقیش و خۆپیشاندانی گەورەی بەدوای خۆی هێناو دواجار بەسەرکوتکردن و پێدانی هەندێك بەڵێن لەلایەکی ترەوە توانرا خۆپیشاندانەکان کۆتایی پێ بهێنرێت. ئەم جۆرە کۆتاییپێهێنانەش هۆکارێک بوو بۆ نزمبوونەوەی متمانەی سیاسی بەدامەزراوەکان لەعێراق.





وێنەی ژمارە (1) متمانە بەدامەزراوە سیاسییەکان لە نۆ وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا(2014-2001)

(Spierings, 2017:10)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەگوێرەی توێژینەوەکانی تری تایبەت بە متمانە بەدامەزراوەکانی عێراق، لە ساڵانی دواتر متمانەی سیاسی بە دامەزراوەکان گۆڕانی زیاتری بەسەردا هاتووە، تێیدا دەرکەوتووە کە زیاتر لە 55%ی عێراقییەکان هێشتا متمانەیان بە حکومەت نیە و زیاتر لە نیوەیان متمانەیان بە دەسەڵاتی دادوەری نیە (داغر، 2020) (بڕوانە وێنەی ژمارە2 ).




وێنەی ژمارە (2) متمانە بەدامەزراوەکان لە عێراق

سەرچاوە: (داغر، 2020)

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی تری مەیدانی کە لەلایەن الباروميترى العربى بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵانی 2018 و 2019 ئەنجامدراوە تایبەت بە متمانە بە سێ دامەزراوە سەرەکییە فەرمییەکە (حکومەت، پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری) لە ناو یازدە دەوڵەتی عەرەبی، عێراق لەدەیەمین وڵات دێت بۆ متمانەی سیاسی بە حکومەت کە تەنها 19%ی خەڵکی عێراق متمانەی بە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتە و تەنها 13%یان متمانەیان بە پەرلەمانی عێراق و 38%یان متمانەیان بە دەسەڵاتی دادوەری عێراق هەیە (الكيالي- أ، 2020). بەهەمان شێوە متمانە بە پارتە سیاسییەکان لەئاستێکی زۆر خراپە لەچاو وڵاتانی تری عەرەبی و عێراق دیسانەوە کەوتۆتە خوارووی ڕێزبەندەکە بە متمانەی تەنها 6%ی خەڵکەکەی (الكيالي- ب، 2020). بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەوەی جێگای تێڕامانە متمانەی خەڵکە بە سوپا کە لەو ریزبەندە عێراق لە ناوەندە و 84%ی خەڵک متمانەی بە سوپا و هێزە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراقییەکان هەیە (الكيالي- ب، 2020). ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە کات و ساتی ئەنجامدانی راپرسییەکە هەیە کە تازە جەنگی داعش لە عێراق بەکۆتا هاتووە، بەڵام بەشێکی تری پەیوەستە بە ترس و متمانە نەبوون بە خودی راپرسیەکە لەلایەک و ئینتیمای شیعەکان بۆ حەشدی شەعبی و هێزەکانی خۆیان لەلایەکی ترەوە.

### 2-3- رێژەی بەشداری سیاسی لەهەڵبژاردنەکانی عێراق

بارودۆخی بەشداری سیاسی دابڕاونیە لە بابەتی متمانە و رەوایەتی و سەقامگیری سیاسی، بەپێچەوانەوە هەرچەندی متمانە زیاتر بێت بەشداری زیاتر دەبێت لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی (ئەم هاوکێشەیە جیاوازە لە وڵاتانی پێشکەوتووی رۆژئاوایی کەچەندین قۆناغی سیاسی سەختیان تێپەڕاندووە بۆ دەستبەری سەقامگیری، بۆیە مەرج نیە هەموو کات کەمی بەشداری بەمانای کەمی متمانە بێت). بۆ ئەمەش ئەرگیومێنتی بەشداری سیاسی هەرێم و عێراقمان لەبەردەستە کە بۆ نموونە متمانەی بەرز بە سەرکردایەتی سیاسی شۆڕش وایکرد سەرەتا لە ساڵی 1992 رێژەی 87%ی خەڵک بەشداری بکات، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی بەردەوامی متمانە ئەم رێژەیە تا ئاستی 37% بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئۆکتۆبەری 2021 دابەزیوە .

ئەگەر سەیری وێنەی ژمارە (3) بکەین لەخوارەوە، هەروەها هەڵبژارنەکانی پەرلەمانی عێراق وەکو نموونەی سەرەکی بەشداری سیاسی لەم وڵاتە وەربگرین لەهەر پێنج خولی رابردوو (2005 تاوەکو 2021)و دواتر لەناو هاوکێشەی نێوان متمانە و بەشداری و رەوایەتی و کاریگەریان لەسەر سەقامگیری دابنێین، دەبینین کە سەرەتا خەڵکی عێراق بەهەمان شێوەی کە لەسەرەوە بۆ هەرێمی کوردستانمان خستەڕوو بەگوڕوتینێکی یەکجار زۆرەوە بەشداریان کرد بەتایبەت کورد و شیعەکان کە بەتێکڕای هەموو بەشداربووان گەیشتە رێژەی (76%) لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لەساڵی 2005 (العربية-أ، 2010) دواتر دەستپێکردنی ناکۆکییەکان لەنێوان پێکهاتەکان بەتایبەت


لەپەراوێزخستنی سوونەکان لەلایەن شیعەکانەوە وردە وردە خەڵک ئومێدی بە پرۆسەی دیمۆکراسی و هەڵبژاردن کەمبووەوە لەهەڵبژاردنی چوار ساڵی دواتر (2010) تەنها 62%ی خەڵک بەشداریان کرد (العربية، 2010) .

بەهۆی بەردەوامی بارودۆخی ململانێی پێکهاتەکان و دواتر بەهاری عەرەبی، نەتوانرا ڕێژەی بەشدارییەکە بەرزبکرێتەوە و ڕێژەکە بەردەوام بوو لەدابەزین و گەیشتە 60% (العربية، 2017). ئەوەی کە زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزکرد لەعێراق و دەنگدەری زیاتر بێ ئومێد کرد پرۆسەی سیاسی عێراق بوو لەدوای هەڵبژاردنەکانی 2014 کە حکومەت نەیتوانی بەڵێنەکان بباتە سەر و بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەندەڵی و بێکاری و دواتر جەنگی داعش و قەیرانەکان وایکرد کە تەنها لەنێوانی ساڵانی (2014-2018) لەهەڵبژاردنەکانی عێراق، 16%ی بەشداربووان و دەنگدەرانی لەدەست بکات، بەومانایەی ڕێژەی بەشداری دابەزی بۆ 44% (CNN, 2018) . لێرەدا گرنگە ئاماژە بە کاریگەری ئەو ئامارە یان ئەم دابەزینە لەسەر پرۆسەی سەقامگیری سیاسی لەعێراق بکەین، چونکە دەرکەوت کە ناکرێت کاریگەری بەشدارنەبوونی زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی عێراق لەبەرچاو نەگیرێت و بەڵگەی ڕۆڵ و مەترسی کەمبوونەوەی بەشداری سیاسی کە بەهۆی کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی هاتبووە ئاراوە بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک تەنها کەمتر لە ساڵێک خۆپێشاندانی زۆر بەهێز و خوێناویی ڕوویاندا لەناوەڕاست و باشووری عێراق و زیاتر لە 600 کەس کوژران بە چەکی هێزە ئەمنیەکانی عێراق و زیاتر لە یازدە هەزار کەس بریندارببوون (Independent, 2020) . ئەم خۆپێشاندانانە کە دواتر بەخۆپێشاندانەکانی تشرینی 2019 ناوزەد کرا، بووە هۆکاری پەکخستنی پرۆسەی سیاسی و دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و بڕیاردان لەهەڵبژاردنێکی پێشوەختە لەعێراق .

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، نە هەڵبژاردنی پێشوەختەو نەگۆڕینی یاسا و ڕێساکان و فرە بازنەیی و نە بەشداری و پشتگیری خۆپێشاندەران و سەرکردەکان نەیانتوانی تەنانەت ڕیژەی بەشداریکردنی

هەڵبژارنەکان بگەیەننەوە ئاستی هەڵبژاردنی پێشوتر (بڕوانە وێنەی ژمارە 3)! بەگوێرەی داتاکانی کە لە کۆمسیۆن وەرگیراون، تەنها 41% ی خەڵک بەشداری کرد (الحرة، 2021)، دوای ئەو هەموو فشارەو گۆڕانی سیستمی دەنگدان و بازنەکانی هەڵبژاردن و چەندین میکانزمی تر و ململانێی توند لەنێوان لایەنەکان. هەر تەنها ئەمە جێگەی سەرنج نەبوو، بەڵکو براوەکانی هەڵبژاردن نەیانتوانی نە سەرۆک کۆمارێک بۆ عێراق هەڵبژێرن و نە حکومەت پێکبهێنن دوای هەشت مانگ هەوڵدان، سەرئەنجام جارێکی تر ئەوانەی کە خەڵک لەدژیان راپەڕیبوو (چوارچێوەی هەماهەنگی- الاطار التنسیقی) دەسەڵاتیان گرتەوە دەست لەعێراق. ئەمەش دوا هەل و دەرفەت بوو بۆ خەڵکی عێراق کە لەڕێگەی بەشداری سیاسییەوە بتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن تاوەکو جارێکی تر متمانە بونیاد بنرێتەوە و سەقامگیری و پێشکەوتن وڵاتەکە بگرێتەوە، چونکە لەتوێژینەوەیەکی تری مەیدانی کە پێش هەڵبژاردنەکانی 2021 ئەنجامدرابوو دەرکەوتبوو کە تەنها 15%ی عێراقییەکان پێیان وابووە دەنگیان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە گۆرەپانی سیاسی و نەخشەی سیاسی ئێستای ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەیە (داغر، 2020). ئەمەش روونە کە دوای تاقیکردنەوەی چەندین کوتلەی سیاسی بۆ حوکمڕانێتی شیعەکان، کەسیان جێگای متمانە و باوەڕ و ڕەزامەندی زۆری خەڵکی عێراق نەبوون و ئەمەش متمانەی سیاسی تا ئاستی (زۆر لاواز) دابەزاندووە. دوای ئەو هەموو قوربانیەو دواتر ئەم دەرئەنجامە پێمان دەڵێت کە ڕێژەی متمانە، بەشداری و ڕەوایەتی زیاتر دابەزیوە و خەڵک ئومێدێکی بۆ گۆڕانکاری نەماوە مەگەر پەنا بباتەوە بەر توندوتیژی و شۆڕش بۆ گۆڕینی ڕادیکاڵانەی سیستمی سیاسی عێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (3) ڕێژەی بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق (2005-2021)

(ئامادەکردنی: توێژەر)

## 4- هۆکارەکانی کەمبوونەوەی بەشداری و متمانەی سیاسی لەعێراق

### 4-1- فرە پێکهاتەیی دانیشتوان

بەشداری سیاسی بەهۆی فرە کولتوریی و فرە پێکهاتەییەوە ڕێگری دەکات لە جێبەجێکردنی بنچینەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی لە عێراقدا (Shakor, 2020: 118) کە ئەمەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو سیستمە سیاسییەی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی هاتەکایەوە و جۆرێکی دیمۆکراسی تایبەتە بۆ کۆمەڵگە فرەییەکان بەناوی دیمۆکراسی سازان (توافقی) کە ئارنت لیبهارتی هۆڵەندی بەدامەزرێنەری ئەم مۆدێلە دادەنرێت. بەگوێرەی گریمانەکانی ئەم تیورە، لەکۆمەڵگە فرە پێکهاتە و پەرتبووەکان ئەستەمە دیمۆکراسی زۆرینە بتوانێ سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێنێتەکایەوە (لیبهارت، 2006). هەرچەندە ئەم مۆدێلەی دیمۆکراسی توانی بۆ هەندێک وڵاتی لەم شێوەیە تاڕادەیە سەقامگیری دروست بکات، بەڵام بەشێک لەسیستمە سیاسییەکان بەتایبەت لەم ناوچەیەدا نەیانتوانی تێیدا سەرکەوتووبن. بۆ نموونە ئەگەر سیستمە سیاسییەکانی عێراق و لوبنان و هەرێمی کوردستان وەربگرین کە پەیڕەوی ئەم مۆدێلە دەکەن، دەبینین کە دیمۆکراسی سازان

نەیتوانیوە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بێنێتەکایەوە و بەپێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشداری سیاسی دروست کردووە، چونکە ئەگەر بڕوانینە رەهەندەکانی ئەم مۆدێلە لە دیمۆکراسی دەبینین کە بەشداری ئەوتۆی خەڵک گۆڕانی ئەوتۆ لەهاوکێشەکە ناکات، چونکە لە دیمۆکراسی سازان براوە و دۆڕاو پێکەوە بەشداری حوکمڕانێتی دەکەن (بڕوانە نورەدینی و صادق، 2017: 1-18). بۆیە کاتێک تاک دەبینێ کە هەرچەندی پارتەکەی کورسی لە پەرلەمان زیاد بکات رۆڵی نابێت بۆ ئەوەی بەتەنها جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، بۆیە ئەمە ساردبوونەوەی دەنگدەر و لایەنگرانی لێدەکەوێـتەوە. ئەگەر پارتێکی سیاسی یان سەرکردەکانی بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەگەر تەنها یەک کورسیش بەدەست بێنن ئەوا نیوەی دەسەڵاتیان دەوێ، ئەوا چ بەهایەک بۆ پێشبڕکێی دیمۆکراسی دەمێنێتەوە! یان ئەگەر جگە لەم لێدوانەش پارتی براوە خۆی لەبەر بارودۆخی سەقامگیری و دوورکەوتنەوە لەکێشەکان بۆ کابینەی حوکمەت سازش لە پۆستە بەرکەوتەکان بکات بۆ پارتی بەرامبەر ئەوە دیسانەوە رۆڵی هەیە لەسەر کەمبوونەوەی بەشداری سیاسی، چونکە هیچ بەهایەک بۆ رێژەی دەنگ نامێنێتەوە کە روحی دیمۆکراسی لەسەر بونیادنراوە. ئەمە لەعێراق و هەرێمی کوردستان زۆر بەروونی بەرجەستەیە و چەند سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق هیچ کامیان نەک هەر براوەی هەڵبژاردن نەبوون، بەڵکو تەنها یەک کورسی یان هیچیان بەدەست نەهێناوە و باڵاترین پۆستی حوکمڕانێتیشیان گرتۆتە دەست وەکو (عادل عبدالمهدی، مستەفا کازمی و ئێستاش محمد شیاع سودانی ...هتد). ئەم فاکتەرە وایکردووە جار لەدوای جار لەماوەی پێنج هەڵبژاردنی رابردوو لەعێراق بەشداری سیاسی بەرەو کەمبوونەوە بڕوات وەکو لەوێنەی ژمارە (3)ی سەرەوە دیارە.

### 2-4- دیکتاتۆریەتی دیمۆکراسی و دەستووریی

جگە لە کاریگەری پڕاکتیزەکردنی ڕێساکانی دیمۆکراسی سازان لەسەر کەمبوونەوەی بەشداری سیاسی، بەشێک لەپێکهاتەکان بەتایبەت شیعەکان کە زۆرینە بوون سودیان لەم فاکتەرە وەرگرتووە بۆ تواندنەوە یان لاوازکردنی لایەنەکانی تر. ئەگەرچی لە دەستوور هیچ ماددەیەک ڕاستەوخۆ باسی دابەشکردنی ئەو پۆستە باڵایانەی وڵات ناکات لەسەر بنەمای سەرۆک وەزیران بۆ شیعە و سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوونە و سەرۆک کۆمار بۆ کورد، بەڵام وەکو عورفێکی سیاسی لەلایەن ئەمریکاوە ئەم بنەمایە بۆ عێراق چەسپیوە(Shakor, 2020: 121) ، کەچی پارتە شیعە مەزهەبەکان و سەرکردەکانیان هەموو هەوڵێکیان لەڕووی هێزی نەرم و ڕەق تاقیکردەوە بۆ دژایەتی سوونەکان و کورد بەهۆی فاکتەری زۆرینەبوون. بەدەر لە بنەماکانی دیمۆکراسی سازان، هەوڵی بەکارهێنانی میکانزمی زۆرینەی دیمۆکراسی (دکتاتۆریەتی دیمۆکراسی)ی و ئەو مافە دەستورییە (دیکتاتۆریەتی دەستوور) بۆ زاڵبوون بەسەر بەرامبەرەکەیان، شیعەکانی دەست واڵاکردووە بۆ هەر جۆرە سیاسەتێکی بیانەوێت، ئەمەش جۆرێکی تری لەنائومێدی دروست کرد کە هاوڵاتی یان دەنگدەر هەرچی بکات ناتوانێت بەربەستی زۆرینەی شیعەکان تێپەڕێنێ.


لەلایەکی ترەوە، هاوکێشەیەکی تری پێچەوانە بوونی هەیە، هەتا ڕێژەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا کەمتر بێت، چانسی ئەو لایەنە مەزهەبیانە زیاتر دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی لایەنگرانیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان. واتە نەبوونی متمانەکە وایکردووە بەشداری کەم بێت و ئەمەش بۆتە هەلێک بۆ پارتە سیاسییەکان کە لایەنگرانی خۆیان بەچەندین تاکتیک و تەکنیک بنێرنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و ئەو بێ بێهواییەی خەڵک بکەنە دەرفەت تاوەکو دەنگی پێویست لەهەڵبژاردنەکان بەدەست بێنن.

**3-4- رۆڵی وزە لە کەمبوونەوەی بەهاکانی دیمۆکراسی لەعێراقدا**

لەزۆربەی وڵاتانی رەیعیدا بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت پێویستی ئەوتۆی بە باج نیە لەبەر داهاتی نەوت و غاز و سەرچاوەکانی وزە، بۆیە بەهاکانی دیمۆکراسی و لەناویشیدا بەشداری سیاسی بەهایەکی ئەوتۆی نیە. حوکمڕانێتی رەیعی دەسەڵاتی دەوڵەت بەرەو چەقبەستوویی و زۆرداری دەبات و بنەماکانی سیاسەتی لیبراڵی و دیمۆکراسی جێبەجێ کردنیان ئەستەم دەبێت. بەشێک لە توێژەران ئەمە دەبەستنەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان رەوایەتی سیاسی و وەرگرتنی باجدا لە سیستەمە دیمۆکراسییەکان هەیە. واتە هەرچەندی سیستەمی باج بەهێزتر بێت بەشداری سیاسی و رەوایەتی سیاسی زیاتر دەبێت (عیسی و صادق، 2019: 232-234). زیاتریش لەمە، پێیان وایە کە هاوسەنگی نیە لەنێوان لایەنەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتانە(Altunisik, 2014: 89 ، کریم، 2021: 11-12). کۆمەڵێک توێژەر لە دووتوێیی کتێبی (النفط والاستبداد- الاقتصاد السياسي للدولة الريعية) بەو ئەنجامە گەیشتوون کە "نەوت و دیموکراسی دژی یەکن و بەیەکەوە لەیەک شوێن کۆنابنەوە یا ناگونجێن". بەهۆی ئەو داهاتەی زۆرەی نەوت، حکومەت و پارتە سیاسییەکان دەبنە خاوەن هێزی سەربازی و ئاسایشی بەهێز و فراوان کە دەتوانن کۆمەڵگە ناچار بکەن گوێڕایەڵ بێت و بەمەش خەڵک دەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و لەبەرئەنجامی ئەمەش پرۆسەی دیمۆکراسی لاواز دەبێت (عومەر، 2020) و بەشداری سیاسی و متمانە کەم دەبێتەوە.

بەسەرنجدان لەم وێنەی خوارەوە دەردەکەوێت کە عێراق و بەشێکی زۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەناردەکارانی نەوت بارودۆخی دیمۆکراسیان خراپە. عێراق لەبواری دیمۆکراسی لەئاستی ناوەندە (4.8)، بەڵام لەبواری بەکاربردنی نەوت چ وەکو ناوخۆ و چی وەکو خەرجیی وڵات پلەیەکی بەرزی هەیە (بڕوانە وێنەی ژمارە 4) (Krane, 2019: 22). هەروەکو لە وێنەکە دەرکەوتووە کە ئەو وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەچڕی پشت بە وزە دەبەستن وەکو سەرچاوەی داهات، دیمۆکراسی تێیاندا لاوازە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (4) نیشاندانی پەیوەندی نەوت و گاز بە ئاستی نزمی دیمۆکراسییەوە.

سەرچاوە (Krane, 2019: 23)

لەعێراقدا نەوت هۆکاری سەرەکی بەردەوامی و بەهێزبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەتە. بەدابەزینی نرخەکەی کێشە بۆ سیستمەکە دروست دەبێـت و بۆ نموونە لەبەرزبوونەوەی نرخەکە و دابینکردنی بەشێک لەپێداویستییەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت موچە ئەمە سەقامگیری هێناوەتەکایەوە. کەواتە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبەرزبوونەوەی بەشداری سیاسی پێویستترە بۆ مەبەستی سەقامگیری لە کۆمەڵگەی عێراقی. بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت سیستمێکی ئابووری ڕەیعی پەیڕەو دەکات و باج نەبۆتە هۆکاری بەستنەوەی توندی خەڵک و دەسەڵات، بۆیە بەلای دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بەشداری و متمانەی سیاسی بایەخێکی ئەوتۆی نیە، چونکە ئابووری وڵات لەسەر باجی خەڵک نیە و لەسەر نەوتە و ئەویش لەدەستی دەوڵەتە و خۆی چۆنی بوێت ئاوا بەکاری دێنێت .

### 4-4- فاکتەرەکانی تر

کۆمەڵێک فاکتەری تری ناوخۆیی وەکو گەندەڵی و نەبوونی لێپرسینەوە، بێ ئەنجامی خۆپێشاندانەکان و گۆڕینی سیستمەکانی هەڵبژاردن لەگۆڕینی دەسەڵاتداران لەلایەک و فاکتەری دەرەکی وەکو دەستوەردانی زۆر توند و ئاشکرای ئێران لەناو سیستمی سیاسی عێراق، بەتایبەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکۆکی و ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکا (بڕوانە صادق، 2017: 5-35)، هەروەها ململانێکانی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەناو عێراق و چەندین فاکتەری تر رۆڵیان هەیە لەکەمبوونەوەی بەشداری و متمانەی سیاسی لەعێراق.

## 5- کاریگەری کەمبوونەوەی متمانە و بەشداری سیاسی لەسەر ناسەقامگیری لەعێراق

### 5-1- رۆڵی هەڵبژاردنەکان لەدروستکردنی ناسەقامگیری

هەڵە تێگەیشتنێک لە بەشداری سیاسی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەشێوەیەکی رەها نابێ بگوترێت کە بەشداری سیاسی بەتایبەت هەڵبژاردنەکان سەقامگیری سیاسی دێنێـتەکایەوە، وەکو د. خابێلی مائاتلۆسا لە زانکۆی نیشتمانی لێسۆتۆ لە رۆما دەڵێ "هەڵبژاردنێک سیستمی سیاسی ناکاتە دیمۆکراسی" هەروەها پێ وایە لەچەندین شوێن بەهۆی ناسەقامگیرییەوە بەشداری هەڵبژاردن کێشەی دروست کردووە (Matlosa, 1997 :93). بەهەمان شێوە ئەم هاوکێشەیە هەندێکجار لەعێراق پێچەوانە بۆتەوە، هەرکاتێک هەڵبژاردن دێت، هێزەکان بیر لەتۆڵەکردنەوە دەکەنەوە و دواتر کە دەرئەنجامەکان راگەیەنرا، ئیدی شەڕو رووبەڕووبوونەوەکان دەست پێ دەکەن. نوێترین بەڵگەی ئەم بۆچوونە خۆپێشاندانە پڕ توندوتیژییەکانی سەدرییەکان بوو لە عێراق کە دواجار گەیشتە راپەرینی جەماوەری دژی چوارچێوەی هەماهەنگی، مەترسی گەورە لەسەر دامەزراوە فەرمییەکان دروست بوو، چونکە خۆپێشاندەرەکان چوونە ناو هۆڵی پەرلەمان و چەند رۆژ تیایدا مانەوە، ئەمە جگە لەوەی هەڵیانکوتایە سەر چەندین دامەزراوەی تری فەرمی حکومی وماڵی بەرپرسە باڵاکان و ...هتد (France24- (A; 2022. ئەمە تەنها خۆپێشاندان و گێرەشێوێنی تاک لایەنە نەبوو، بەڵکو خۆپێشاندانە توندەکانی لایەنی بەرامبەریش (چوارچێوەی هەماهەنگی) وایکرد کە خەڵکی عێراق

بەتەواوی بکەوێـتە دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری چونکە مەترسی شەڕی ناوخۆ زۆر نزیک بوو (France24-B; 2022).

دواتر هەڵبژاردنەکانی عێراق نەیانتوانیوە جار لەدوای جار پۆلێک سیاسی دەوڵەتمەدار، چاکسازیخواز و لێهاتوو بێننە پێشەوە کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری و پێشکەوتنی وڵات بکات، بەپێچەوانەوە هەتا دێت رەگی ناکۆکییە نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی و جیاوازییەکانی تر تۆختر دەکاتەوە و ئەمەش وایکردووە کە پرسی هاوڵاتیبوون و نیشتمانپەروەری و یەکگرتووی لەوڵات هەمیشە لەپاشەکشێدابێت. مائاتلۆسا لە توێژینەوەکەی ئەوەی سەلماندووە کە لەناو کەشێکی ناسەقامگیردا، دەنگدەر سەرنجی لەسەر پرسە نیشتمانییەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ پرسە کەسی و گرووپییەکان (Matlosa, 1997 :93). ئەم گریمانەیە لە عێراقیش سەلمێنراوە. ئەمە جگە لەوەی هیچ هەڵبژاردنێک لەعێراق نەیتوانیوە لەکاتی پێویست و گونجاو دەستاودەستی دەسەڵات بکات. کەواتە هەڵبژاردن ئەوەندە فاکتەرێکی ناسەقامگیرییە لەعێراق، ئەوەندە بۆ دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات یان نوێبوونەوە و گۆڕانکاری نیە.

## 2-5- لاوازبوونی دامەزراوە فەرمییەکان

وەکو لەوێنەی ژمارە 2 لەسەرەوە خراوەتەڕوو، جگە لە سوپا، متمانە بە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی عێراق هەمووی لەخوارووی پەنجا لەسەدە و ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دامەزراوەکان بەهۆی ئەو کێشە سیاسیانەی لەعێراق هەن لاواز و لەرزۆکن، خەڵک لەجیاتی ئەم دامەزراوە فەرمیانە پەنا دەباتە بەر لایەنە هەژمونداره ناحکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان یان یەکلاکردنەوەی کێشەکان. بەمەش متمانە بەدامەزراوە فەرمییەکان تادێت بەرەو دابەزینی زیاتر دەچێت و ئەمەش رۆڵی سەرەکی هەیە لەبێبەهاکردنی دامەزراوەی فەرمی لە سیستمی حوکمڕانێتی. بۆ نموونە دەسەڵاتی دادوەری وەکو دەسەڵاتێکی بێلایەن و پارێزگاری

دادپەروەری جێگەی متمانەی هاوڵاتیان نیە. لەراپۆرتێکی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و گەڕانەوەی سەقامگیری هاتووە کە خراپبوونی متمانە بە دادگاکانی عێراق لەئەنجامی گەندەڵی و دەستوەردانی حزبیی و مەزهەبییەوە وایکردووە کە خەڵک پەنا بباتەوە بەر شێخ و سەرۆک عەشیرەت ولایەنەکانی دەرەوەی دادگاکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان (European Union, 2018: 25) بێگومان ئەمەش رۆڵی هەیە لەسەر ناسەقامگیری، چونکە ئەگەر دەوڵەت نەتوانێ پارێزگاری لەسەروەرییەکەی بکات وەکو باڵاترین دەسەلات و هێزی وڵات، لەبەرامبەردا هێزەکانی نافەرمی وەکو هۆز و عەشیرەت و هێزە مەزهەبی و وەلائییەکان رۆڵ دەگێڕن، ئەمەش فەوزا و ناسەقامگیری لەعێراق دروست کردووە .

لەلایەکی ترەوە، بەهۆی لاوازی دامەزراوەکانەوە، هەلێک بۆ هەندێک لەگروپە توندڕەوەکان دروست بووە کە ئەم دامەزراوە فەرمییانە بەکاربێنن بۆ بەرزکردنەوەی پۆپۆلیزمی سیاسی هەندێک سەرکردەی ئاینی و مەزهەبی هەروەها بەدامەزراوەیکردنی بەشێک لەنەریت و رێساکانی خۆیان (O’Driscoll, 2018: 4)یاخود بەکارهێنانی دامەزراوە یاسایی و دادوەرییەکان لە یەکلاکردنەوەی ناکۆییە ئاینی و مەزهەبییەکان. بۆ نموونە لەماوەی رابردوو بەهۆی باڵادەستی شیعەکان لە حوکمڕانێتی، چەندین کاری لەمجۆرە ئەنجامدراوە، وەکو دروستکردنی هێزی حەشدی شەعبی بە فتوای علی سیستانی یان سووربوونی سەدرییەکان لەسەر دەرکردنی (یاسای بەتاوانناساندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل) و ...هتد. کە بێگومان ئەمانەش رۆڵی هەیە لەسەر زیاتر قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان پێکهاتەکان و دواتر سەروەری یاسا و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی .

## 3-5- بەهێزبوونی میلشیا چەکدارەکان

عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستا گیرۆدەی قەیرانی سەروەری یاسا و قەیرانی ناسنامەی نیشتمانییە کە رێگری گەورەی بەردەم پێشکەوتنی وڵاتن (ابراهیم، 2018). سەرەڕای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕینی رژێمەکە بۆ رژێمێکی نیمچە دیمۆکراسی لەدوای ساڵی 2005 و هاوکاری سیستمەکە لەلایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەولەتی بۆ ئەوەی کە هێزی دەوڵەت باڵادەست بێت بەسەر هێزە نافەرمییەکان، بەڵام سروشتی سیاسی و پێکهاتەی عێراق و لەرزۆکی دامەزراوەکان و سەرروەرنەبوونی هێزی دەوڵەت بە یەکسانی بەسەر پێکهاتە جیاوازەکان وایکرد کە میلشیا و هێزە چەکدارە حزبی، ئایینیی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبن. بۆیە خەڵک بەهۆی خراپی دۆخی ئابووری و نەبوونی متمانە بە دامەزراوەکان و بێئومێدی لەبەشداری سیاسی پەنا دەباتە بەر ئەم هێزە میلشیایانە و ئەم هێزانەش لەبەر بەرژەوەندی و مانەوەیان هەمیشە رێگری لە سەروەری یاسا و سەقامگیری و سەربەخۆی دامەزراوەکان دەکەن .

قەیرانی متمانە و بەشداری لەعێراق هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم گروپانەیە. چونکە ئەمانە لەلایەک متمانە بەهێزی باڵادەستی فەرمی وڵات ناکەن کە یەکسانی و دادپەروەری بێنێتەکایەوە، لەلایەکی ترەوە ئەم هەست بەمەترسیکردنە وایکردووە کە هەمیشە ئەمانە بەدوای خۆبەهێزکردنەوە بن، جگە لەوەش ئەم گروپانە تەنها بەرگری لەخۆیان ناکەن، بەڵکو لەهەر هەلومەرجێکی بۆیان رەخسابێ شەڕ دەکەن لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و ئایینییەکان و ئەمەش هەمیشە دڵەراوکێ و نادڵنیایی بۆ دەوڵەت و هاوڵاتیان دروست کردووە. وای لێهاتووە ئەم گروپە ملیشیایانە دەوڵەتی قوڵ (Deep State) دروست بکەن و لەئەنجامی ئەمەش دانیشتوان دابەش دەکەن. ئەم بارودۆخەش لەلایەن ناسیونالیستەکان یان ئایندارە توندڕەوەکان بەهەل وەرگیراوە کە ئەم گروپانە بەکاربێنن بۆ رکابەری یەکتر یان دژایەتی دامەزراوەی دەوڵەت و بڕیارە حکومیی و دادوەرییەکان لەعێراق (O’Driscoll and Zoonen, 2017: 12-13) کە ئەمەش هەتا دێت ناسەقامگیری زیاتر دێنێـتەکایەوە .

نەبوونی متمانەی نێوان وڵاتان و هەوڵەکانی ئەم ئەکتەرانە بۆ بەشداری و هەژموونداری لە ناوخۆی عێراق هۆکارێکی تری قەیرانی سەقامگیرییە لەعێراق. ئێران ئەم هێزانە بەکاردێنێت بۆ لێدان لەهێزە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەیارە رۆژئاواییەکانی بەتایبەت ئەمریکا. ئەمەش بۆتە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەسەر سەروەری دەوڵەت(Dodge, 2020 ) و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی و سەقامگیری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەعێراق .

**4-5- هەوڵی دابەشکاری دەوڵەت**

پەرچەکردارەکانی کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی، عێراقی خستۆتە بەرم مەترسی لێکهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسی. بەڵگەی زۆر هەن بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە. بۆ نموونە لەتوێژینەوەیەکی دوو لایەنەی هەردوو ناوەندی (MCMD & HAI)تایبەت بە بەشداری سیاسی کەمینەکانی وەکو (ئێزدییەکان، شەبەکەکان، تورکمانەکان، کاکەییەکان، مەدانیەکان، کریستیانەکان) لەسیستمی سیاسی عێراق دەرکەوتووە بەشداری پێنەکردنی چالاکانەی ئەم پێکهاتانە لە پرۆسەکانی بڕیاردان و حوکمڕانێتی رۆڵی هەیە لەسەر سەقامگیری سیاسی چونکە بەشداری ئەمانە وادەکات هەست بەشکۆ و بوونی خۆیان بکەن لەناو سیستمەکە (MCMD & HAI, 2016)، کەواتە هەروەکو چۆن لەسەرەوە گوتمان بەهۆی دیمۆکراسی سازانەوە بەشداری کەمبۆتەوە، لێرەدا بەپێچەوانەوە بەشداری پێنەکردنیش لەهەمان کات متمانە و هەستی نیشتمانی کەم کردووە. بەشدارییپێنەکردنی ئەم پێکهاتانە لە بڕیاردان وایکردووە کە پەنا ببەنە بەر هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە هاوئاین یان هاونەتەوەن، ئەمەش رۆڵی هەیە لەسەر بەردەوامی ناسەقامگیری لەعێراق. بۆ نموونە نەبوونی متمانەی سوونەکان بە حکومەتی ناوەندی و دروستبوونی بۆشایی ئاسایشی لەناوچەکەیان و وەلانان و سەرکوتکردنی سوونەکان و بەعسیەکان لەلایەن شیعەکان رێگەی خۆشکرد بۆ دروستوونی گروپی تیرۆرستی وەکو داعش (European Union, 2018: 30) نەک هەر بۆ عێراق، کاریگەری هەبوو لەسەر ناسەقامگیری چەندین وڵاتی تر. زیاتریش لەمە، ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2017) بۆ دەنگدان لەسەر جیابوونەوە لەعێراق و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆیی سیستمە سیاسییەکەی پەرچەکداری نەبوونی متمانە بوو لەنێوان هەرێم و بەغدا. چەندین بەڵگەی تر پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە مانەوەو یەکگرتوویی عێراق ئەوەندەی پەیوەستە بە رێککەوتنی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەوەندە پەیوەندی نیە بە ویستی پێکهاتەکانی بۆ پێکەوە ژیان یان زاڵبوون و بەهێزبوونی دامەزراوەکان و حوکمی دەستووریی دەوڵەتەکەوە.

## 6 - دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### 6-1- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: بەگوێرەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە، هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن بەشداری سیاسی کەم دەبێتەوە بەهۆی کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی لەئەنجامی سروشتی فرە پێکهاتەیی دانیشتوانی عێراق و خراپی ئەدای حکومەت و پارتە سیاسییەکان و دەستوەردانی دەرەکی. ئەمەش هۆکارە بۆ گۆڕینی بەشداری سیاسی لەبەشدارییەکەی ئەرێنیانە بۆ جۆرێکی تری بەشداری کە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژییە لەیەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکان .

دووەم: دروسبوونی ئەو بۆشاییە فراوانە لەنێوان خەڵک و دەوڵەت، قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی گەیاندۆتە لوتکە و کاریگەری زۆری کردۆتە سەر کەمبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و بەرپرسیاریەتی لەلای هەردوو لایەن (خەڵک و دەسەڵات). قەیرانی نادڵنیایی لەهەموو بابەتە ئاسایشییەکان لە عێراق وایکردووە کە هەمیشە عێراق لەریزبەندی یەکەم و پێشەوەی وڵاتە شکستخوارد، گەندەڵ و دواکەوتووەکان بێت .

سێیەم: خودی فەتواکەی علی سیستانی بۆ دروستبوونی حەشدی شەعبی لەلایەک لەئەنجامی نەمانی متمانە بە بەشێک لە هێزە فەرمییەکان بوو، لەلایەکی ترەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بوو کە ئەویش هەڵقوڵاوی بارودۆخی بێ بەشکردنی سوونەکان لەبەشداری سیاسی راستەقینە بوو لەعێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتە کارو کاردانەوەکە کە هەردووکیان تاوەکو ئێستاش عێراقیان لە ناسەقامگیری هێشتۆتەوە بەهۆی قەیرانەکانی ناسنامە، ڕەوایەتی، متمانە و بەشداری سیاسی بوون.

چوارەم: هەریەک لە فاکتەرەکانی ڕێگری دەرەکی، نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێزی نیشتمانی بۆ بەهێزکردنەوەی دامەزراوەکان و بونیادنانەوەی متمانە و بەشدارییەکی ڕاسەقینەی پێکهاتەکان لەڕێگەی سیستمێکی نا-ناوەندێتی (الامركزية)، سەروەرنەبوونی یاسا و دەستوور و زاڵبوونی هێزە سیاسی و میلشیا چەکدارە نافەرمییەکان، عێراق زیاتر بەرەو ناسەقامگیری و ئایندەیەکی نادیار دەبات.

## 2-6- پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

عێراق بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەقامگیر بونیادبنێت، دەبێت ئەم هەنگاوە پراکتیکیانە بنێ:

یەکەم: بەهێزکردن و سەربەخۆیی دامەزراوەکان و دەسەڵاتی دادوەری و سەروەربوونی یاسا و دەستوور لەپێشینەی کارەکان بێت.

دووەم: جێبەجێکردنی سیستمێکی نا-ناوەندێتی و فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لەچوارچێوەی جوگرافیای دیاریکراوی خۆیان بەسوود وەرگرتن لە فۆڕم و ئەزموونی دەوڵەتە هاوشێوەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

سێیەم: سەرلەنوێ بونیادنانەوەی تاکی عێراقی لەپرۆسەی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوون لەسەر بنەمای ناسنامە و هەستی نیشتمانی یەکگرتوو بۆ بونیادنانەوەی متمانە و بەشداری سیاسی و هێنانەکایەوەی سەقامگیری لە وڵات.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان :

1. صادق، بارزان جوهر. (2017). ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئیران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لەدوای داگیرکاری عێراق لە ساڵی 2003. گۆڤاری قەڵای زانست – زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی، ژ 2(1). لەم بەستەرە: https://journal.lfu.edu.krd/ojs/index.php/qzj/article/view/165/158

2. عومەر، سۆران. (2020). ڕاپۆرتێکی ئەوروپی: ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 12.5%ـە. پۆرتاڵی ڕووداو. لەم بەستەرە https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/250920209 : (ڕێکەوتی سەردانی 28ی دیسەمبەری 2021)

3. عیسی، صالح عمر و صادق، بارزان جوهر. (2019). متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ژ 2 (2). لەم بەستەرە : https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.6

4. نورەدینی، عمر حمدامین و صادق، بارزان جوهر. (2017). دیمۆکراسی سازان لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری کۆنفرانسی یاسا، زانکۆی ئیشك.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

5. ابراهيم، د. سعدى. (2018). عدم االستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003 Ankara Kriz ve Siyaset Araştırmaları Merkezi. [online] Volume 2 (1). Available at: https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/482391 [Accessed: 18th December 2022].

6. ارنت ليبهارت (2006) الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد, ت. حسني زينة، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد.

7. اميمن، عثمان علي و السامرائي، بدرية علي. (2001). الاختبار النفسي اسسة و معالجة الإحصائية. ليبيا: مطبع عصر الجماهير الخمس.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. CNN (2018). العراق: نسبة المشاركة في الانتخابات وصلت إلى 44.5 في المائة. لەم بەستەرە :
https://web.archive.org/web/20180702064408/https://arabic.cnn.com/middle-east/2018/05/12/iraq-elections-closing-centers (ڕێکەوتی سەردانی 30ی نۆڤیمبەری 2022).

9. France24-A (2022). العراق: أنصار مقتدى الصدر يقتحمون البرلمان مجددا ويعلنون اعتصاما مفتوحا داخله. لەم بەستەرە :
https://www.france24.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B1%D9%82-D8%A7%D9%84%D8%AA% (ڕێکەوتی سەردانی 16ی دیسەمبەری 2022)

10. France24-B (2022). العراق: من هي أبرز القيادات الشيعية المتصارعة في الأزمة السياسية؟ لەم بەستەرە :
https://www.france24.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%88%D8%B3%D8%B7/20220816-%D8%A7%D9%84%D8% (ڕێکەوتی سەردانی 16ی دیسەمبەری 2022)

11. Independent (2020). ارتفاع حصيلة قتلى الصدامات يؤجج الشارع العراقي مجددا. لەم بەستەرە :
https://www.independentarabia.com/node/173076/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1/%D8%A7 (ڕێکەوتی سەردانی 30ی نۆڤیمبەری 2022).

12. الحرة (2021). مفوضية الانتخابات العراقية: نسبة المشاركة الأولية 41 بالمئة. لەم بەستەرە :
https://www.alhurra.com/iraq/2021/10/11/%D9%85%D9%81%D9%88%D8%B6D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A6%D8%A9 (ڕێکەوتی سەردانی 30ی نۆڤیمبەری 2022).

13. داغر، منقذ. (2020) الانتخابات العراقية المبكرة قد لاتغير قواعد اللعبة. The Washington Institute for Near East Policy. لەم بەستەرە :

https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/alantkhabat-alraqyt-almbkrt-qd-latghyr-qwad-allbt (ڕێکەوتی سەردانی 28ی نۆڤیمبەری 2022).

14. العربية (2010). نسبة المشاركة في الانتخابات التشريعية العراقية بلغت 62,4%. لەم بەستەرە : https://www.alarabiya.net/articles/2010%2F03%2F08%2F102465 (ڕێکەوتی سەردانی 30ی نۆڤیمبەری 2022).

15. العربية (2017). نسبة المشاركة في انتخابات العراق وصلت إلى 60%. لەم بەستەرە : https://web.archive.org/web/20170420192238/http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq-elections/candidates/2014/05/01 %82-%D9%88%D8%B5%D9%84%D8%AA-%D8%A5%D9%84%D9%89-60-.html (ڕێکەوتی سەردانی 30ی نۆڤیمبەری 2022).

16. الكيالي-ب، د. عبدالوهاب. (2020). الأحزاب السياسية العربية وتحدي الثقة المزدوج. الباروميتر العربی. لەم بەستەرە : https://www.arabbarometer.org/ar/2020/05/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AD%D8-%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%82%D8%A9/ (ڕێکەوتی سەردانی 28ی نۆڤیمبەری 2022).

17. الكيالي-ب، د. عبدالوهاب. (2020). الثقة في الحكومات في العالم العربي ومخاطر التعميم. الباروميتر العربی . https://www.arabbarometer.org/ar/2020/06/%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%82%D8 / (ڕێکەوتی سەردانی 28ی نۆڤیمبەری 2022).

**سێیەم: سەرچاوەی فارسی :**

18. کدیور، علیرضا. (2022). رابطه مستقیم میان کاهش مشارکت سیاسی و اعتراضات. ایران امروز. لەم بەستەرە: https://www.iran-emrooz.net/index.php/news1/more/104890/ (ڕێکەوتی سەردانی 18ی دیسەمبەری 2022).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان :

19. Altunisik, M. (2014). Rentier State Theory and the Arab Uprisings: An Appraisal. Uluslararası İlişkiler. [online] Volume 11 (42). Available at: https://www.jstor.org/stable/43925852 [Accessed: 15th February 2021].

20. Deth. J. (2021). What is Political Participation? Oxford University Press Oxford Research Encyclopedia of Politics. Available at: DOI:10.1093/acrefore/9780190228637.013.681196077 [Accessed: 18th December 2022].

21. Dodge, T. (2020). Understanding the role of al-Hashd al-Shaabi in Iraq's national and transnational political field. Meddile East Political Science. Available at: https://pomeps.org/understanding-the-role-of-al-hashd-al-shaabi-in-iraqs-national-and-transnational-political-field. [Accessed: 19th December 2022].

22. O'Driscoll, D. (2018). Emerging Trends of Conflict and Instability in Iraq. University of Manchester. Available at: https://assets.publishing.service.gov.uk/media/5c18d35ee5274a468ba7fab3/433_Emerging_Trends_of_Conflict_and_Instability_in_Iraq.pdf [Accessed: 18th December 2022].

23. O'Driscoll, D., and Zoonen, D. (2017). The Hashd al-Shaabi and Iraq Subnationalism and the State. Middle East Research Institute (MERI). Available at: http://www.meri-k.org/wp-content/uploads/2017/03/PMF-Report-0.2.pdf [Accessed: 19th December 2022].

24. Ekman, J. (2009). Political Participation and Regime Stability: A Framework for Analyzing Hybrid Regimes. International Political Science Review. [online] Volume 30 (1). Available at: https://journals.sagepub.com/doi/epdf/10.1177/0192512108097054 [Accessed: 14th December 2022].

25. Finkle. S. (1987). The Effects of Participation on Political Efficacy and Political Support; Evidence from West German Panel. The Journal of Politics. [online] Volume 42 (9). Available at: https://sites.pitt.edu/~finkel/download/effecs%20of%20participation.pdf [Accessed: 7th December 2022].

26. Krane, J. (2019). Subsidy reform and tax increases in the rentier Middle East. In: Herb, Michael., Lynch, M., The Politics of Rentier States in the Gulf. Pompes, No. 33. George Washington University.

27. Marien, S., and Hooghe, M. (2011). Does political trust matter? An empirical investigation into the relation between political trust and support for law compliance. European Journal of Political Research Report no (5). Available at: http://bibliobase.sermais.pt:8008/BiblioNET/Upload/PDF3/002410.pdf [Accessed: 18th December 2022].
28. Matlosa, K. (1997). Political instability and elections: a case study of Lesotho. Lesotho Social Sciences Review. [online] Volume 3 (2). Available at: https://opendocs.ids.ac.uk/opendocs/bitstream/handle/20.500.12413/6196/Khabele%20Matlosa.pdf;sequence=1 [Accessed: 16th December 2022].
29. MCMD & HAI. (2016). Political Participation of Minorities in Iraq. Human Rights Violation Report no (2). Available at: https://www.heartlandalliance.org/wp-content/uploads/2016/01/HumanRightsViolationsReport-English.pdf [Accessed: 5th December 2022].
30. Sabucedo, J., and Arce, C. (2006). Types of political participation: A multidimensional analysis. European Journal of Political Research. [online] Volume 20(1). Available at: https://www.researchgate.net/publication/230489191_Types_of_political_participation_A_multidimensional_analysis [Accessed: 18th December 2022].
31. Schumacher, I. (2012). Political Stability, Corruption and Trust in Politicians. Paris; Ecole Polytechnique. Available at: https://hal.archives-ouvertes.fr/hal-00763327/document_STU(2017)603859_EN.pdf [Accessed: 18th December 2022].
32. Seven, P. (2004). Political Support and Participation in a Non-Democratic Society: A Study of Chinese Urban Residents. International Conference: The Transformation of Citizen Politics and Civic Attitudes in Three Chinese Societies. Available at: http://asianbarometer.org/publications//1be92090c2a610b8e2df4567e8de2e2c.pdf [Accessed: 5th December 2022].
33. Shakor. R. (2020). Ethnicity-Based Political Instability in Iraq After 2003. Lectio Socialis Research Article. [online] Volume 4 (2). Available at: https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/1196077 [Accessed: 5th December 2022].
34. Spierings, N. (2017). Trust and Tolerance across the Middle East and North Africa: A Comparative Perspective on the Impact of the Arab Uprisings. In: Haerpfer, H. ed., Politics and Governance, [online] Volume 5(2). Available at:

https://www.cogitatiopress.com/politicsandgovernance/article/view/750/750 [Accessed: 18th December 2022].

-----------------------------------------------------------------------------------------------------------------

# The Effect of Trust and Political Participation on Stability in Iraq

**Assist. Prof. Dr. Barzan Jawhar Sadeq**
Department of Political System and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Barzan.sadq@su.edu.krd

***Keywords:*** *Political Trust, Political Participation, Stability, Elections and Institutions in Iraq.*

## Abstract

The first objective of state formation is to establish stability. Stability establishes security, which builds the way to political, economic and social development. Due to the fact that Iraq is a multi-ethnic, religious, sectarian country, on the other hand, the state is not systematically established, the Iraqi political systems has not been able to obtain long-term stability. For these reasons, there has always been a shaky and weak relationship between the Iraqi people and the political Authority in Iraq. The new Iraq (after 2003) suffers from the same political challenge. This gap between the people and the authorities due to the weakness of the government institutions and the interference of informal officials inside and outside the country, year after year political trust is going down. Public trust in official institutions has weakened, and political participation has declined election after election. So, now political legitimacy in Iraq is under a big question.

This research aims to find out the level of trust and political participation in Iraq and the relationship between trust, political participation and stability in Iraq? It tries to find the causes of the decline of trust and political participation and the role of this decline on instability in Iraq? The researcher adopted both quantitative and qualitative methods to collect, analyse and compare theoretical sources, data and figures.

## أثر الثقة والمشاركة السياسية على الاستقرار في العراق

**ملخص:**

من الواضح أن الهدف الأول من إنشاء وتكوين الدولة طبعا هو إرساء الاستقرار في البلاد، لأن الاستقرار يوفر ألأمن وهو الوسيلة الأساسية للتنمية السياسية والاقتصادية والاجتماعية. لأن العراق من ناحية بلد متنوع ومتعدد الأعراق والديانات والطوائف المختلفة، ومن ناحية أخرى فإن الدولة نفسها لم تتشكل على أساس سياسي بل مصطنعة خارجية، لذلك منذ نشأتها، لم تكن الأنظمة السياسية العراقية قادرة على إقامة وتوفير إستقرار طويل المدى. بسبب هذه العوامل، توجد دائما علاقة ضعيفة وإشكالية بين الناس والسلطات السياسية. العراق الجديد أي مابعد (2003) يعاني من نفس المشاكل السياسية المزمنة. وتتسع الفجوة بين الشعب والسلطات بسبب ضعف المؤسسات في مواجهة تدخلات المسؤولين غير الرسميين في الداخل والخارج، الأمر الذي يقلل أو يقوض الثقة السياسية في العراق عاما بعد آخر. ضعف ثقة الناس بالمؤسسات الرسمية، وتراجعت المشاركة السياسية من قبل الناس في الانتخابات بعد الانتخابات، وقد أدى ذلك إلى التشكيك في شرعية السلطة السياسية في العراق!

تهدف هذه الدراسة في إطار أربع مباحث رئيسية إلى معرفة مستوى الثقة والمشاركة السياسية في العراق وما هي العلاقة بين الثقة والمشاركة السياسية والاستقرار في العراق؟ ما أسباب تراجع الثقة والمشاركة في العملية السياسية وما هو الدور الذي يلعبه هذا التراجع في خلق حالة من عدم الاستقرار في العراق؟ استفاد الباحث كلا من الأساليب الكمية والنوعية لجمع وتحليل ومقارنة المعلومات النظرية والبيانات والأرقام.